# تورکیای نادیموکراتی، کورد فێری دیموکراتی دەکات

**ئەمجەد شاکەلی**

سەرەتای مانگی نۆڤەمبەری 1980 تازە گەیشتبوومە دۆڵەتووی پشتی قەندیل. زستانێکی سەخت و سەهۆڵبەندانێکی گەلێک دژوار بوو. بارەگاکانی مەکتەبی سیاسیی و سەرکردەیەتیی سیاسیی و پێشمەرگەیی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان لە دووڵەتوو بوون. کاک قادر جەباری و کاک سەیید قادر جەباری و مامۆستا موحەممەد فاتیح لە ژوورێکدا پێکەوە بوون و منیش بە هۆی ناسیاویمەوە لەگەڵ ئەواندا کەوتمە ژوورەکەی ئەوان. زۆربەی ڕۆژان خاڵە سەییدکاکە و کاک قادر عەزیز و چەند کەسێکی دیکەش دەهاتنە ئەوێ و چەند سەعاتێک دادەنیشتن و دەبووە دەمەتەقە و قسەوباس و ڕەخنەگرتن و گێڕانەوەی یادگاری و باسی پێشمەرگایەتی و حیزب و سیاسەت و ئەو جۆرە شتانە. ئەودەمە کاک پۆلای شێخ مارف بەرزنجی، کە کوڕی شەهید شێخ مارف بەرزنجییە، ئەویش لە دۆڵەتوو بوو و لەگەڵ مولازیم فوئاددا لە ژوورێکدا بوون. من لە ڕێگەی باسکردنی ئەو بەڕێزانەوە لە دانیشتنە ڕۆژانەکەیاندا لە ژوووروەکەی کاک قادر جەباری زانیم، کە کاک پۆلایش لەوێیە. من کاک پۆلام نەمدیبوو، بەڵام دووراودوور ناویم بیستبوو و دەمزانی کێیە و چی بووە. کاتێک خاڵە سەییدکاکە نێوی ئەوی هاتە سەر زار، منیش هەروا پرسیارێکم بە مێشکدا هات و گوتم: "باشە خاڵە سەیید کاک پۆلا چۆنە لێرەیە و چ دەکات؟". من ئەو پرسیارەم بۆیە بە بیردا هات، هەندەک زانیاریم لەمەڕ کاک پۆلاوە هەبوو و دەمزانی پێشتر لەگەڵ دەستەیەکی دیکەی سیاسیی بووە، کە دەستەیەکی عیراقی بوون و ڕێکخراوێکی کوردستانی نەبوون. کاک قادر جەباری پێش خاڵە سەییدکاکە کەوت و لە وەڵامی پرسیارەکەی مندا گوتی: "کاک پۆلایش وەک تۆ و وەک من و وەک ئێمە ئەویش هاتووەتە دەرەوە و کوڕی شەهید شێخ مارف بەرزنجییە و هەڵاتووە و کەرکووکییە و ئیدی لەبەر ئەوانە لێرەیە و ئەویش دەیەوێت بەشدارییەک بکات". خاڵە سەییدکاکەیش ڕووی لە من کرد و گوتی: "ئەتو دەیناسیی؟". گوتم: "نەمدیوە، بەڵام دەزانم کێیە و وەک ناو دەیناسم و پاشان کێ هەیە شەهید شێخ مارف بەرزنجی نەناسێت، کە قارەمانێک بوو و کە باوکی ئەوە!". گوتی: "دە باشە با شتەکت پێ بڕێم، جارێ پێش هەر شتەک ئەو ئەوەتا لە ژوورەکەی مولازیم فوئاد هەر خەریکی چایلێنان و چایخواردنەوەیە و چ ناکات. پاشان ئەتو خومەینی دەناسیت! خومەینی ڕدێنی هەیە و موسوڵمانە و

ئایەتوڵلا و ئەوانەیە، سۆڤییێتیش وراتەکی(وڵاتێکی) کۆمۆنیست و سۆسیالیست و ئەوانەیە و بڕوایشی بە دین نییە، ئەو سۆڤییێتە تەعەمولی (تەحەممولی) خومەینی بەو هەموو هەیتوهووتەوە پێ دەکرێت و نایەوێت لەگەریدا(لەگەڵیدا) تێکبچێت و نێوانیشیان گەرمە، بەران(بەڵام) تەعەممولی ئەو پۆڵایەی پێ نەکرا و نەیهێشت خیندنی(خوێندنی) خۆی لە زانکۆی وێندەری تەواو بکات، دەری کرد و گوتی برۆ و وراتی مە بەجێبێرە(بەجێبهێڵە). دەزانی ئەو لۆ هاتیتە ئێرە! ئەو دەیەوێ ببتە زەحیم(زەعیم)، دەوجا سۆڤییێتەک بەو عەزەمەتەی خۆوە ئەو پیاوەی پێ تەعەممول نەکرا، ئەمە کوو تەعەمولی ئەو پۆرایەمان(پۆڵایەمان) پێ دەکرێت!".

*****

پێش چەند ڕۆژێک، دەسپێکی ئەم مانگە، خێزانێکی کوردی خەڵکی زاخۆی باشووری کوردستان، ژن و مێردێک و سێ منداڵ(کوردستان مەحۆ، زیاد مەحۆ، یووسف مەحۆ، عەلاء مەحۆ، زینە-لێنا مەحۆ)، بلێتی سەفەر بۆ ئیستەنبوول و دیاربەکر دەکڕن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە وڵات و سەردانی کوردستان بکەن. ڕۆژی سەفەرەکەیان دەچنە فڕۆکەخانەی ئارلاندا (Arlanda)ی شاری ستۆکهۆڵم و کە کارمەندەکانی بەرپرسیی سەفەر و ئەوانەی تەماشای پاسپۆرت و بلێت دەکەن و ساکەکان وەردەگرن، داوای بلێت و پاسپۆرتیان لێ دەکەن و لە کۆمپیووتەرەکەی بەردەمیان دەدەن و تەماشا دەکەن، پێیان دەڵێن، کە "کوردستان مەحۆ" بۆی نییە سەفەر بکات. خێزانەکە پێیان سەیر دەبێت، کە بلێت و پاسپۆرت و هەموو شتێکیان تەواوە، ئیدی بۆ ناتوانن سەفەر بکەن. کارمەندەکان لە وەڵامدا دەڵێن، کۆمپانیای هێڵی هەوایی تورکی"Turkish Airlines"، ڕێگە نادات و کەسێک بەو ناوەوە هەڵناگرێت و سوار ناکات، چونکە ئەوە ناوێکی سیاسیی هەستەوەرە لە تورکیا و بۆ ئەوان شتێک بە ناوی کوردستان نییە و ئەوە ناوێکی هەڵەیە. خێزانی مەحۆ، نەخشەی سەفەرەکەیان تێکدەچێت و بە نائومێدی و دڵشکاوییەوە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەی خۆیان لە گەڕەکی هاللووندا(Hallunda)ی ستۆکهۆڵم[1]. کوردستان مەحۆ، بەتەمایە دوای ئەوەی پاسپۆرتی سویدی وەربگرێت، ناوەکەیشی لە کوردستانەوە بگۆڕێت بۆ "نوور" بۆ ئەوەی لەو دەردەسەرییە ڕزگاری ببێت[2].

*****

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ئیسرائیل و تورکیادا بکەین، دەتوانین بڵێین هەردووکیان داگیرکەری خاکی خەڵکی دیکەن. تورکیا بە هەردوو شێوە کۆن و نوێیەکەیەوە لە سەدەی شازدەیەمەوە داگیرکەری کوردستانە. ئیسرائیل لە 1948وە داگیرکەری فلستینە. لە ئیسرائیل عەرەب دەتوانێت بە زمانی خۆی قسە بکات، بخوێنێت، خوێندنگە و زانستگەی هەبێت، ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی هەبێت، مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنی بۆ پەرلەمان(کنێست Knesset) هەبێت، چەندین ئەندامی پەرلەمانی ئیسرائیلی عەرەبن و لە نێو پەرلەمانیشدا

---

1 Katarina Lagarwall, Heter Kurdistan-fick inte flyga till Turkiet, Stockholm City, 7/6/2005.
2 Josef el-Mahdi, Svenska Dagbladet, 4/6/2005.

دەتوانن باسی کێشەی فلستین و گەلی فلستین و نەتەوەی عەرەب و ئیسلامیش بکەن. فلستینی لە فلستین و لە ئیسرائیل دەتوانێت بڵێت فلستینییە. لە تورکیا زمانی کوردی قەدەغەیە. هیچ خوێندنگە و بڵاوکراوەی کوردی نییە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کوردی زمان نییە و نێوهێنانی کوردستان قەدەغەیە و جل و پۆشاکی کوردی قەدەغەیە و باسکردنی کێشەی کورد و کوردبوون بۆ خۆی قەدەغەیە و کورد ناتوانێت بڵێت کوردە یا کوردستانییە. ڕەنگە تەنێ لەبەر ئەوەی پەرلەمان و دەستوور و قانوون و هەندێک شتێ دیکەی ڕوواڵەتییان هەن، کە دەیانخاتە ڕیزی وڵاتانی دیموکراتییەوە، هەردوو تورکیا و ئیسرائیل لە چاوی هەندێک سیاسەتکار و نووسەری کوردەوە بە دیموکراتی نێو دەبرێن، لێ لە ڕاستییدا هیچ یەکێک لەو دوو وڵاتە دیموکراتیی ڕاستەقینە نین، چونکە دیموکراتییەکەیان بۆ هەموو خەڵک نییە و بۆ بەشێکە لە خەڵک. ئیسرائیل بۆ جوولەکە دیموکراتییە و تاڕادەیەکیش بۆ ئەو عەرەبانەی ناو ئیسرائیل و بۆ عەرەبی گوێڕایەڵ و سەلاری دیکەش، کە قایل بێت بە سیاسەتی ئەوان، دیموکراتییە، بەڵام ڕەوتاری لەگەل زۆرینەی فلستینییاندا و لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی فلستین و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان، ڕەوتارێکی نادیموکراتییە و بە هەموو جۆرێک سەرکوتیان دەکات. ئیسرائیل ڕێگە بە ڕێکخراوی جوولەکەی چەپ و کۆمۆنیست و ڕاستڕۆ و هەموو جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکی دیکەی نێو جوولەکە دەدات. هەرچی تورکیایە ئەوە هیچ ڕێگە بە هیچ شتێکی کورد نادات و نێوی کورد نابات و کورد دەکوژێ و لە خاکی خۆی وەدەری دەنێ و کوردستانەکەی وێران دەکات، بۆ تورکەکانی خۆیشی نادیموکراتییە. چەپبوون و کۆمۆنیستبوون یا ئیسلامییبوونێکی خەست لە نێو تورکیاشدا قەدەغەیە و سزا چاوەڕوانی خەڵکانی هەوادارانیان دەکات.

*****

لە نێوان 8-2005/5/14 دا، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەیان کادری سیاسیی خۆی ناردە تورکیا[3] بۆ فێربوونی "دیموکراتی و زانست و سیاسەت". ئەو کادرانە لە سەر بانگهێشتنی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا چوون بۆ تورکیا. شاندەکە سەردانی حیزبی عەدالەت و پەرەپێدان(AK) و حیزبی گەلیی کۆماریی(CHP) کرد و و چاوی بە هەندێک بەرپرسیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کەوت و بەشداریی چەند سەمینارێکی کرد. تەواوی ئەو بەرپرس و کارمەند و حیزبییانەی تورکیا، کە ئەو کادرانەی یەکیەتیی نیشتمانیی بینیویانن و لەگەڵیاندا کۆ بوونەتەوە، وەک حیزبێکی عیراقی باسی یەکیەتیی نیشتمانییان کردووە و تەنێ باسی عیراقیان لەگەڵدا کردوون و سەری زمان و بنی زمانیان یەکپارچەیی و یەکیەتیی عیراق بووە و باسی جەلال تاڵەبانییش، کە هاتووەتە گۆڕێ، تەنێ وەک سەرۆکی عیراق نێوی براوە. ئەگەر حیزبێکی عیراقییش، بو نموونە حیزبی ئیسلامیی عیراق، تورکمانی عیراق، شیعەی عیراق، بەعسی عیراق، ناسریی عیراق، سوننەی عیراقی، کلدانی عیراقی، مەندائی عیراق، یا هەر دەستە و حیزبێکی دیکە،

---

[3] راپۆرتێک لەبارەی سەردانی وەفدێکی کادرانی ی.ن.ک بۆ تورکیا، کوردستانی نوێ، ژمارە 3676، هەینی 20-5-2005. وێنەکەی کە لەتەک ئەم گوتارەیشدایە هەر لەو ژمارەیەی کوردستانی نوێوە وەرگیراوە.

سەردانی تورکیایان کردبا، تورکەکان هەر هێندە باسی کوردستان و کوردیان لەگەڵدا دەکردن، کە لەگەڵ شاندەکەی یەکیەتیی نیشتمانییدا کردوویانە. سەرکردەیەتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بە تایبەتیش سکرتێری گشتیی یەکیەتیی جەلال تاڵەبانی، زۆر لەمێژە پێوەندێکی توندتۆڵیان لەگەڵ تورکیا و دەسەڵاتداریەتیی تورکیادا هەیە.



وەفدی کادران لەبەردەم وەزارەتی دەرەوەی تورکیا– ٢٠٠٥/٥/١٢

سەرکردەیەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان تا ڕادەیەک، تەواوی کار و بەرنامە و نەخشەیەکی سیاسیی خۆی، بە هاوئاهەنگیی و ڕێکخستن لەگەڵ تورکیادا ئەنجام دەدا و کەمجار بێ تورکیا و بۆ خۆی و هەر لە خۆیەوە کارێک دەکات. پرس و ڕاوێژێکی تەواوی لەگەڵ تورکیادا هەیە. لە ڕووی ئابووریشەوە ئەوڕۆ کوردستان بووەتە بەشێک لە بازاڕی تورکیا و سەدان کۆمپانیا و بەڵێندەر و سەرمایەداری تورک بە نێو کوردستاندا تەراتێن دەکەن و هەروا بەڵێندەرەو بە ڕۆژی نیوەڕۆ و بەبەرچاوی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانەوە، پارەیەکی مفت و زۆر و مۆڵی کوردستان دەدزێت و هەڵدێت. سەرباری ئەوانەش تورکیا، بە سایەی سەری سەرکردیەتیی سیاسیی باشووری کوردستانەوە، ئەوڕۆ وەک فەرهەنگ چووەتە نێو ماڵی هەموو کوردی باشووری کوردستانەوە و خەڵک لەوێ بە سەرسووڕمانەوە تەماشای تورکیا دەکەن و تورکیایەکی سەرسەختترین نەیاری کوردیان، بە هۆی سەرکردەیەتییە سیاسییەکەیانەوە لێ بووە بە دۆست و ئاشتیخواز و فریاڕەس. تورکیا هەر بە ئاوی حەیات و ئاڵتوونسا[4] و خەنەی ئەتاتورک و فیلمی سێکسی و زمانی تورکی و خوێندنگەی تورکی و تیپی تورکی(لاتینی) و بەفرگر و تەلەڤزیۆن و مۆبێلە و تەواوی ئامێرەکانی نێوماڵەوە نەچووەتە نێو باشووری کوردستان و ماڵی کورد و مێشکی کوردەوە، بەڵکە بە هۆی پێوەند و گرێدراویی پتەوی سەرکردەیەتیی سیاسیی باشووری کوردستانەوە بە تورکیا، تورکیا توانیویەتیی سیخوڕ و جاسووسگەلێکی زۆری خۆیشی لەوێ بڵاو بکاتەوە. سەردانی کادرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ تورکیا بۆ وەرگرتنی زانیاریی سیاسی و بارهێنان و فێربوونی دیموکراتی لە تورکیاوە، هیچ جیاوازییەکەی لەگەڵ

---

[4] کە لە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستانەوە ڕێکلامی بۆ دەکەن لە پاڵ ئەوەی، کە دەیڵێن و دەنووسرێت "خۆشترین تامی میوەیە" لە بنەوەش دەنووسرێت "لە تورکیا بەرهەم دەهێنرێت".

ئەوەدا نییە، کە کادرانی بەرەی گەل و بەرەی گەلی دیموکراتی(نایف حەواتمە) و بەرەی گەلی سەرکردەیەتیی گشتیی (ئەحمەد جبریل) و حەماس و جیهادی ئیسلامی فلستینی، سەردانی ئیسرائیل بکەن و لەوێ ئامادەی کۆرس و سەمینار بن لەمەڕ دیموکراتییەوە. هێشتا سەردانی ئەو فلستینییانە بۆ ئیسرائیل و گوێگرتن لە باسی دیموکراتی لە ئیسرائیلییانەوە، کارێکی گەلێک ئاساییترە لەوەی، کورد بچێت لە تورکەوە فێری دیموکراتی بێت. ئیسرائیل بە هەموو پێوەرێک گەلێک لە تورکیا دیموکراتیترە. سەردانی کادرانی یەکیەتیی نیشتمانیی بۆ فێربوونی دیموکراتی لە تورکەوە، وەک ئەوەیە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پارتیی کارگەرێن کوردستان(پ.ک.ک)، کادرانی خۆیان ناردبایەتە کن حیزبی بەعسی سەددام حوسەین بۆ فێربوونی دیموکراتی. سۆڤییێتێکی کۆمۆنیست تەحەمولی خومەینییەکی موسوڵمان و ڕێژیمێکی  ئیسلامی کردبێت، سەییدکاکە گوتەنی، بەڵام تورکیایەک، کە لە سەر بنەمای ڕەگەزپەرستی دامەزراوە و پێیوایە ئەوەی لە نێو ئەو خاکەدا(ئەوەی پێی دەگوترێ تورکیا بە کوردستانیشەوە) دەژی، تەنێ تورکن و بێجگە لە تورک کەسی دیکە لەو وڵاتەدا نییە و دان بە بوونی کورددا نانێت و بۆی بکرێت هەرچی ڕیسێکی کوردە دەیکاتەوە خوری و شتێک بە نێوی کوردستان لەکن وی بوونی نییە و ڕۆژ نییە هەڕەشە لەو قەوارەیەی باشووری کوردستان نەکات و ڕۆژانە بۆمببارانی باکووری کوردستان دەکات و کوردی ئەوێ دەکوژێت و بە تاکە یەک ژنی کوردستاننناو تێکدەچێت و تەحەمولی ناکات و ڕێگەی سەفەری نادات، دەبێ چ دیموکراتییەک فێری خەڵک بکات، بە تایبەت کورد! دەگوترێ کە پەیامبەری ئیسلام گوتوویەتی: "أطلبوا العلم ولو في الصين"واتە: داوای زانست بکەن، ئەگەر لە چینیش بێت. مەبەست لە "ئەگەر لە چینیش بێت"، دوورییە، واتە: دووریی چین لە دورگەی عەرەب و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، کە دەکاتە ئەوەی: تەنانەت تا چینیش وەدووی زانستدا بچن. تورکیا، لە چین گەلێک زیاتر، لە کوردستانەوە نێزیکترە، بەڵام تورکیایەکی نادیموکراتی، کە دەسەڵاتدارانی دەرچووی فێرگەی ئەتاتورکیزم(کەمالیزم)ن و ئەتاتورکیزمیش لنگی سێیەمی سێکوچکەی نازیزم و فاشیزمە، تورکیایەکی دژەکورد ناتوانێت هیچ شتێکی باش بە کورد ببەخشێت، چونکە چاکەی کوردی ناوێت و کە خۆیشی دیموکراتی نەبێت، ناتوانێت وانەی دیموکراتی بە خەڵک بڵێتەوە. عەرەب دەڵێن:"فاقدالشئ لا يعطيه"، واتە: ئەوەی خۆی شتێکی نەبێت ناتوانێت شت ببیەخشێت". شەرمە بۆ کورد سەر بە هەر لایەنێک بێت و لە هەر خانەیەکدا بێت و لە هەر ئاست و پایەیەکدا بێت و هەر چۆن بیر بکاتەوە، باسی فێربوونی دیموکراتی لە تورکەوە بکات.

2005-6-17